# نمونەی ئەو ئیماندارەی کە قورئان دەخوێنێت وەکو نمونەی (ترنج-جۆرێکی میوەیە-) وایە بۆن وتامی خۆشە، ونمونەی ئەو ئیماندارەی کە قورئان ناخوێنێت وەکو نمونەی خورما وایە بۆنی نییە بەڵام تامی خۆشە

لە ئەبی موسای ئەشعەریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «نمونەی ئەو ئیماندارەی کە قورئان دەخوێنێت وەکو نمونەی (ترنج-جۆرێکی میوەیە-) وایە بۆن وتامی خۆشە، ونمونەی ئەو ئیماندارەی کە قورئان ناخوێنێت وەکو نمونەی خورما وایە بۆنی نییە بەڵام تامی خۆشە، نمونەی ئەو مونافیقەی (دوو ڕووەی) کە قورئان دەخوێنێت وەکو نمونەی ڕێحانە وایە بۆنی خۆشە بەڵام تامی تاڵە، ونمونەی ئەو مونافیقەی کە قورئان ناخوێنێت وەکو نمونەی گوژاڵک وایە بۆنی نییە وتامی تاڵە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- جۆرەکانی خەڵکی ڕوونکردەوە لەڕوانگەی خوێندنی قورئان وسوود لێوەرگرتنی: بەشی یەکەم: ئەو ئیماندارەی کە قورئان دەخوێنێت وسوودی لێوەردەگرێت، وەکو نمونەی (ترنج-جۆرێکە لە میوە-) وایە بۆن وتامی خۆشە ورەنگی جوانە، وسوودی زۆرە، کردەوە دەکات بە ئەوەی دەیخوێنێت، وسوود دەگەیەنێت بە بەندەکانی الله. دووەم: ئەو ئیماندارەی کە قورئان ناخوێنێت، وەکو نمونەی خورما وایە بۆنی نییە بەڵام تامی خۆشە، دڵی ئیمانی تێدایە هەروەکو چۆن خورما شیرینی تێدایە لە تامەکەی وناوەکەی، ودەرنەکەوتنی بۆنی خۆش لێی کە خەڵکی بۆنی بکات؛ هۆکارەکەی ئەوەیە قورئان ناخوێنێت کە خەڵکی هێور وئاسوودە دەبن بە گوێ لێگرتنی. سێیەم: ئەو دووڕووەی قورئان دەخوێنێت، وەکو نمونەی ڕێحانە وایە، بۆنی خۆشە بەڵام تامی تاڵە، دڵی چاك نەکرد بە ئیمان، وکردەوەی نەکرد بە قورئان، لە پێش خەڵکی خۆی بە ئیماندار دەردەخات، بۆنی خۆشە بەهۆی خوێندنەوەی قورئان، بەڵام تامی تاڵە هاوشێوەی کوفرەکەی. چوارەم: ئەو دووڕووەی کە قورئان ناخوێنێت وەکو نمونەی گوژاڵک وایە، بۆنی نییە وتامی تاڵە، نەبوونی بۆن هۆکارەکەی نەخوێندنی قورئانە، وتاڵی تامەکەی هاوشێوەی تاڵی کافربوونیەتی، ناخی ئیمانی تێدا نییە، ولە ئاشکرایشدا هیچ سوودێکی نییە، بەڵکو زیانبەخشە.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee